# ئازادی بیرو ڕا و میزاجی جەماوەر

**محمد حسین**
muhemedhusen@yahoo.com



" ئازادی ڕادەربڕین لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا " مەحاڵە خوێنەرێك هەبێت ئەم ڕستەیەی بەلاوە دووبارەو مەئلوف نەبێت , چونکە ئەم ( ئازادیە گریمانکراوە ) هەمیشە بابەتێك بووە بۆ جوانکردنی ڕوخساری ئەم حکومەتە و بەدەگمەن کەسێك هەبووە لەنیشاندانی جوانیەکانیدا پەنای بۆنەبردبێت . بەلاّم ئایا ئازادیەکی والەکوردستاندا هەیە ؟ یان ئەو دەرکەوتانەی وای کردووە خەڵکانێك بڵێن ئازادی ڕادەربڕین لەم ولاّتەدا دەستەبەرکراوە کامەیەو لەکوێدایە و کێ ڕایگرتووە ؟ دوای ڕاگرتنی درامای ئاریا لەهەر کاتێك زیاتر پێویستمان بەپیاچونەوەی ئەم وەهمی ئازادی ڕادەربڕینە هەیە , نەك لەبەر ئەوەی پێشتر حاڵەتی پێشێلکردنی ئازادی ڕادەربڕینمان نەبینیوە , بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەم جارەیان لەلایەن دەسلاّتی مەعنەوی و ڕەمزی گروپێکەوە ئازادی بلاّوکردنەوەی ئەم دراما پێشێلکرا کە لانی کەم چاوەڕێی ئەوەیان لێنەئەکرا بەم زووانە ببنە خاوەن دەسلاّتێکی وەها سانسۆرکەر . لێرەوە ئیتر نەك هەر دەزگاکانی حکومەت بەڵکو هەر چین و توێژێکی کۆمەلاّیەتی کاریگەریش ئەگەری ئەوەی هەیە پەلاماری ئەم (ئازادیە هەتیوە) بدات .

باشە گەر هەر بیروڕایەك , یان بەرهەرمێکی هونەری میزاج و توڕەیی توێژێکی کاریگەری وەکو مەلاکان بوروژێنێت قەدەغەبکرێت , ئیتر شتێك دەمێنێتەوە بکرێت ناوی لێ بنێین ئازادی ڕادەربڕین ؟ لەکاتێکدا کۆمەڵگای کوردی چەند چین و توێژێکی کۆمەلاّیەتی تیایە لەمەلاکان دەسلاّت و نفوزیان زیاترە , بەپێی ئەو مەنتقەی کە ئەم درامای ڕاگرت ئیتر ئەبێت هەموو خواست و توڕەیی و میزاجی ئەم چین و توێژانە ڕەچاو بکرێت لەلایەن ئەو کەسانەوە کەشتێکیان پێیە بۆوتن , یاخود پێویستە سانسۆرێکی ترسناك و بێ سنور لەنەستی خۆیاندا بچەسپێنن لەجێی ئەو بۆشاییەی کە تائێستا هەندێك برادەر بەئازادی ڕادەربڕین پێیان ئەفرۆشتینەوە . ترسناکی ئەم سانسۆرەیش بەپلەی یەك لەبێ سنوری و نامونزەبتی ئەو جەماوەرەدایە کە دەکرێت لەهەر بەرهەمێکی هونەری توڕەببێت . ئەمەش دۆخێك دروست ئەکات کە ئەوەی هێزو کاریگەری هەبێت ئۆتۆماتیکی سانسۆرێکی تارمایی ئاسا پەیدا ئەکات دورنیە زۆر کوشندە تربێت لەو سانسۆرەی دەزگایەکی وەکو وەزارەتی ڕۆشنبیری , یان هەر دەزگایەکی تری حکومی دەیسەپێنێت . چونکە گەر حکومەت و یاسا پابەند نەبون بەپاراستنی ئەم ئازادیەوە دەرگا بۆهەموو ئەگەرەخراپەکان کراوەیە , زەقترین نمونەی ئەم پاشا گەردانیەش لەئێستای جەزائیردا زۆر بەڕونی دیارە , لەوە ئەچێت یەکێك بێت لەوهۆکارانەیش کەوای کردووە ژمارەی ئەو شاعیرو نوسەر و هونەرمەندانەی لەم ولاّتەدا بەخۆکوشتن چیرۆکی خۆیان تەواو ئەکەن ساڵ لەدوای ساڵ زیاتر بێت .

لەهەر ولاّتێکدا بۆ ئەوەی لانی کەمی ئازادی ڕادەربڕین ئامادەو دەستەبەر بکرێت دوولایەنی بەهێزی کێبەرکێکەر پێویستە , یەکەمیان لایەنی ئەو میدیاکارو نوسەر و داهێنەرو هونەرمەند و ئەکتیڤیستە سیاسیانەیە کە بەسەرەڕۆی و risk ڕیسکەکانیان ئەو فەزایە دروست ئەکەن کە ئازادی ڕادەربڕینی لێ دێتە بەرهەم . دووهەمیش ئەو لایەنە یاسایی و دامەزراوەییانەیە کە حکومەت ناچار بەپاراستنی فەزای ئەم ئازادیە ئەکات . بۆ هەر دۆخێکی تەندروستی ئازادی ڕادەربڕین ئەم دوولایەنە وەکو تەواو کەری یەکتر پێویستە , کەی هەر لایەکیشیان توشی گرفت و ئاستەنگی بوو ئەوا لەو

دۆخە دەرئەچین کە ئازادی ڕادەربڕینی تیا پارێزراو بێت بەپێی standard ی دنیای ئەمڕۆ . ڕاگرتنی درامای ئاریا ئەو ڕاستیەی نیشان داین کە لایەنی دووەمی ئەم پێشمەرجانەی دروستبونی فەزای ئازادی ڕادەربڕین لەکوردستاندا نائامادەیە . یاخود ئەوەی کەپێویستە یاساو حکومەت و دەزگا پەیوەندی دارەکان بۆپاراستنی ئەم ئازادیە بیکەن نابێت بەخەیاڵیش کەس بیری لێبکاتەوە .

لەمێژوی هاوچەرخدا دوو نمونەی دیاری ئەم پابەندیەی حکومەتمان هەیە بەپاراساتنی ئازادی ڕادەربڕینەوە . یەکەمیان دەوڵەتی بەریتانیایە کەدوای ئەوەی ڕۆمانی ئایەتە شەیتانیەکانی سەلمان ڕوشدی بلاۆ بوەوە توشی شەپۆلێکی فراوانی ناڕەزایی خەڵکی موسوڵمانی جیهان بوەوە .

دووهەمیان ئەوکاتەی لەمسرەوە ئیسلامیەکان کەوتنە تەکفیرکردن و پەلاماردانی ڕۆمانی (ولیمە لاعشاب البحر ) حیدرحیدر . لەم دوو نمونەدا نەدەوڵەتی بەریتانیاو نەدەوڵەتی سوریاش بۆساتێك پاشەکشەیان نەکرد لەو پابەندیە یاساییانەی کە بۆ پاراستنی ئەم دوو نوسەرە هەیان بوو , یان لەپاراستنی ئەو فەزای کە ڕێگەی بەبلاۆکردنەوەی ئەم دوو ڕۆمانە داوە , ئەگەر چی توشی فشارو ناڕازاییەکی زۆری خەڵکی ناوەوەو دەرەوەی ولاتەکەی خۆیشیان بونەوە .

بێگومان من هەڵەی ئەوە ناکەم درامای ئاریا بەو هەموو کەلێنە هونەریانەی پێوەدیار بوو بخەمە تای تەرازوی ڕۆمانەکانی ڕوشدی و حەیدەر . بەلاّم لەهەر سێ کەیسەکەدا هەر هەمان کێشەمان هەیە , ئەویش کێشەی خراپ تێگەیشتنی (جەماوەر ) لەم بەرهەمە هونەریانە و شەڕکردن لەسەر خراپ وێناکردنی نمونە واقعی و مێژوویەکان لەناو هونەردا . دیارە کە ئەم لۆژیکەی تێگەیشتن و وەرگرتنی ئەدەب و هونەر چەند هەڵەیە و ئەو پەروەردە ئەدەبیەیش کە وای کردووە خوێنەرو وەرگری تائەم ڕادەیە سەقەت لەجیهانی ڕۆژهەلاّت و ئیسلامدا دروست ببێت بۆخۆی کێشەیەکەو ئەم نوسینە جێی گفتوگۆکردنی نیە . بەلاّم پرسیارەکە ئەوەیە : ئەکرێت حکومەتێك ئامادە نەبێت داهێنەرەکانی و داهێنانەکانیان لەتوڕەیی ئەم جەماوەرە خراپ تێگەیشتوە بپارێزێت و قسەیش لەئازادی ڕادەر بڕین بکات ؟!

کرۆکی گرفتەکە ئەمەیە , ئازادی ڕادەربڕین لەهەرێمی کوردستاندا باکگراوندێکی هێندە بەهێزی نیە لەبەردەم داوای تۆژێکی کۆمەڵایەتی وەکو مەلاکاندا نەکرێتە قوربانی , هیچ پشتیوانێکی یاسایی و دامەزراوەیی نیە ئەم ئازادیە بپارێزێت , ئەو پەراوێزە بچوکانەیش لەکوردستاندا دروستبوەو هەمیشە بەکارهاتووە بۆ ڕازاندنەوەی ڕوخساری دیموکراسیەتە ساواکەی حکومەتی هەرێم هێندەی پەیوەندی بە ڕیسککردن و قوربانیدانی میدیاکارو نوسەرو هونەرمەندان خۆیانەوە هەبووە پەیوەندی بەوەوەنیە کە یاسایەك هەیە دەکرێت ڕۆژێك لەڕۆژان ڕیپۆرتێرێك یان هونەرمەندێك لەتوڕەیی هەمەجیانەی خەڵك بپارێزێت , یان حکومەتێکمان هەیە ڕێز لەومافانە ئەگرێت کە بەیاسا بۆداهێنەرو نوسەرو میدیاکارەکانی دیاریکراوە . بەپێچەوانەوە لەمەولا ئەوانەی کە تائێستا بەبوێری خۆیان دەستیان بۆشتەبقەو نەگوتراوەکان بردووە دەبێت لەهەموو کات زیاتر هەست بە بێ پشتیوانی و هەستیاری ئەو دۆخە بکەن کە ئەوان سەرەڕۆیی تیا ئەکەن .